# نووسین و

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

**لە بەراوردکردنی ئاخاوتنەوە لەگەڵ نووسین ، ئەوە دەردەکەوێ کە ئاخاوتن دێرینترە . تەمەنی ئاخاوتن لە (400 — 500) هەزار ساڵێك کەمتر نییە ، بەڵام تەمەنی نووسین هەشت نۆ هەزار ساڵێك دەبێ [1] .**

نووسین وەسیلەیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و تەواوکەری ئاخاوتنە . پێویستی ئادەمیزاد بۆ لەیەکتر گەیشتن لە دوورەوەو لەکاتی جیاوازدا بووە بە هۆی پەیدابوونی نووسین . دیارە قسە ئەگەر بەهۆی نیشانەی تایبەتییەوە لەسەر شتێك نەنووسرێ ، ئەوە نەکەسێکی دوور دەتوانێ لێی ئاگادار بێ و نە بۆ دەمێکی دواتریش دەمێنێتەوە [2] . بەوێنە یەکێك بیەوێ هاورێیەکی لە شارێك یان وڵاتێکی‌تر پاش ساڵێك کارێکی بۆ جێبەجێ بکا ، ئەوە دەتوانێ نامەیەکی بۆ بنووسێ و بیخاتە زەرفێکەوەو لەسەری بنووسێ ، کە دوای ساڵێك بیکاتەوە . جا پاش ساڵێك ماوەیەك بەسەر نووسینی ئەو نامەیەدا تێدەپەرێ و رەنگە دوو هاورێکەش هەزاران کیلۆمەتر لەیەك دووربن . بەڵام ئەو نووسینە مەبستەکەی پاراستووەو گەیاندوویە . ئەگەر ئەم داوایە نەنووسرایەو هەر وەك قسە بکرایە ، نەدەگەیشتە جێ و نە دەمایەوە ... هەروەهاش دەزانین ، ئەگەر دوو کەس چەندیش دەنگ گەورەبن ، لە چوار پێنج کیلۆمەتر دوور لە یەکترەوە ناتوانن بە باشی گوێیان لەیەکتر بێ و چاك لەیەك تێبگەن [3] .

پەیدابوون و بوونی نووسین وەك وەسیلەیەکی تایبەتی بۆ لەیەکتر گەیشتن ، دەورێکی دیاری بووەو هەیەتی . نووسین یارمەتی ئادەمیزادی داوە لە کورتکردنەوەی دووری و کاتدا ؛ تەجروبەی ئادەمیزادی پاراستووەو دەپارێزێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی هێشتۆتەوەو دەهێڵێتەوەو لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی‌تری گەیاندووەو دەگەیەنێ . بەهۆی نووسینەوە هەر مرۆڤێك دەتوانێ کەڵك لە تەجروبەی مرۆڤایەتی وەربگرێ و گەشەی پێبدا .

هەرچی دیاردەی گەورەی سیاسی یان ئەدەبی یان زانستی هەیە ، کە لە ناوچەیەکدا لەدایك بووە ، بەهۆی نووسینەوە گەیشتووەتە هەموو جیهان .

دەنگی ئادەمیزاد بەبێ ئامرازی تایبەتی ، وەك : تەلەفوون و رادیۆ ... تاد تەنیا لە سنوورێکی تەسکدا دەمێنێتەوەو هەر لە چوارچێوەی گوێ‌لێبووندا کاردەکات . ئەوەی پێوەندی بە مانەوەشییەوە هەیە لەرووی کاتەوە ، دەمێکە قسەی نەستەقی وا وتراوە کە نووسینی بەگرنگتر لە ئاخاوتن داناوە . بۆ نموونە رووسەکان دەڵێن : «وشە چۆلەکە نییە ، کەچی دەشفڕێ و ناگیرێ» ، بەڵام «ئەوەی بەقەڵەم نووسراوە ، بە تەوریش نابڕرێتەوە» . ئەمەش نزیکی لەگەڵ ئەو قسە نەستەقە لاتینییەدا هەیە ، کە دەڵێ : «Verba volant — scripta manent» ـ واتە «وشە دەفرێ ، نووسین دەمێنێتەوە» [4] .

ڕاست وایە پەیدابوونی نووسین بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی ، کە قسەکەران پێویستیان بەوە بووە ، زەحمەتیی گەیاندنی دەنگی خۆیان بە هۆزێك یان نەوەیەکی دی ئاسان بکەن . بۆیە لەرووی ئەرکەوە جۆری هەرە دێرینی نووسین ، نامەو نووسراوی سەرکێلی گۆڕ بووە ، بەڵام ئەم جۆرە نووسینەش هەروەك زمانی ئاخاوتن زوو بەسەرچوو . بەدوا ئەمەدا نووسراوی هەڵکەنراوی سەر بەردو دیواری ئەشکەوت و تاقی سەرکەوتن ... تاد هاتە کایەوە . لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵی ئادەمیزاددا نووسینیش پێشکەوت و ئەرکی پاشان وردە وردە فراوانتر بووو جۆری نوێی لێ‌پەیدابوو . ئەو نووسینانەی ئەمرۆ دەیانبینین لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای دوورو درێژو بەردەوامیی شەنوکەو کردنی ئەوەی زووتر لەو بارەیەوە کراوە ، هاتۆتە بەرهەم .

**نووسین کە کەرەستەی تەواوکەری زمانی ئاخاوتن و**

**نموونە ١**



# جۆرەکانی و مێژووی

لەیەکتر گەیشتنە ، لە شێوەو جۆری هەمەچەشنی خۆیدا لە سەردەمی جیاوازدا بە چەشنی جیاواز پێوەندی لەگەڵ زمانی گفتوگۆدا بووە .

لەگەڵ یەکنەبوونی بیروڕای هەندێ زاناشدا ، بەر لەهەر شت پێویستە گومانی پەیدابوونی نووسین لەپێش زمانەوە بڕەوێنینەوە . ئەگەر مرۆڤ زمانی نەبێ ، نووسینیشی نابێت . نووسین لەهەموو پلەکانی پێشکەوتنی ئادەمیزاددا تەواوکەری ئاخاوتنە ـ واتە دووەم وەسیلەی لەیەکتر گەیشتنە . دەربڕینی زمان بەهۆی ئەلفوبێوە هی دەورێکی زۆر درەنگی پێشکەوتنی نووسینە . وا دیارە لە سەرەتادا پەیام پەیدابووە . لەم بارەیەوە هیرادۆتی مێژوونووسی یۆنانی (سەدەی 5 ی پێش زایین) نووسیوێتی ، کەوا کاتێ ئەسقووفەکان لەگەڵ فارسەکاندا شەڕیان دەکرد پەیامێکیان بۆ ڕەوانە کردن ، کە لەم گیاندارانە : (بۆق ، مشک ، مەل)و پێنج تیر پێکهاتبوو ، کە واتای «ئەگەر ئێوەی فارس فێرنەبن وەک بۆق لە زەلکاودا قونەقون بکەن و وەک مشک لەکوندا خۆتان بشارنەوەو وەک مەل بفڕن ، ئەوە وەک کەڵای دار بەتیرەکانمان دەتان خەین» . ئەم نموونەیە نیشانەیەکی ڕەمزی‌یە ، کەهەر شتێک تێیدا ڕاستەوخۆ ڕەمزێک نیشان دەدا ، وەک (مەل ـ فڕین ... تاد) . مانای گشتیی ئەو پەیامە لە لایەن ڕەبەنەکانی دارای پادشای فارسەوە لێک درایەوە[5] .

لەتەک ئەو نیشانە ڕەمزی‌یە ، هەروەها نیشانەی مەرجیش هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە شتەکان هیچ دەرنابڕن ، بەڵام وەک نیشانەی مەرجی بەکار دەهێنرێن . بەوێنە پەیامێکی بەکیهو بەناوبانگی ناوچەی پیرۆ (لە خوارووی ئەمەریکا) کە بریتی‌یە لە : دارێک پەتی هەمەڕەنگی پێدا هەڵواسراوەو گرێی جۆربەجۆریان لێدراوە (بڕوانە : وێنەی ژمارە 1) . یاخود پەیامێکی خێڵی ئیزۆکیزی[6] ، کە بەوامپوم ناسراوە بریتی‌یە لە : پشتێنێک و گوێچکە ماسیی هەمەڕەنگی گەورەو بچووکی پێوەکراوە (بڕوانە : وێنەی ژمارە 2)[7] .

ئەم جۆرە پەیامانە بە زۆری هەواڵی بەڵاو وێرانی‌یان دەگەیاند ... لەبارەی واتای گرێی پەتەکان و دانانی گوێ ماسی‌یەکانەوە ، بێگومان پێویستە زووتر ئەوە بزانرێ کە کێ نامەی وا دەنووسێ و کێ وەری دەگرێ . جا ڕەبەنەکان ئاگاداری ئەوە بوون و بۆیە بە ئاسانی لەمەبەست تێدەگەیشتن[8] .

بەم چەشنە ، بە واتایەکی فراوانتر ، دەتوانرێ هەموو شێوەیەکی لەیەکتر گەیشتنی مرۆڤ بە یاریدەی نیشانەی بینراوەوە دەربڕبڕێ ـ واتە بەهەر نیشانەیەک کە چاو بیبینێ ... ناوەڕۆکی ئەم دیاری‌کردنە تەنیا نووسین و چاپ ناگرێتەوە ، بەڵکو هەموو نیشانەیەکی تری وەک : نیشانەی هاتوچۆو نیشانەی سەر قوتوی شیرو گۆشت ... یش دەگرێتەوە .

زانست سێ جۆری سەرەکیی نووسینی لێ ئاشکرایە ، کە بەپێی پلەی مێژوو بەدوایەکدا هاتوون :

**یەکەم جۆری نووسین لە مێژووی ئادەمیزاددا ، نووسینی وێنەیی (Pictography ـ الكتابة التصويرية)یە .**

نموونەی نووسینی پیکتۆگراف[9] چ لە لایەن زانایانی ئاسەوارەوەو چ لە لایەن ئەتنۆگرافەکانەوە دۆزراوەتەوە .

لە نووسینی وێنەیی‌دا وێنەی مرۆڤ ، بەلەم ، گیان‌لەبەر ... بەخەت کێشراوە . بێگومان چ ئەوانەی بە مێژووی هونەرو چ ئەوانەی بە ئەتنۆگرافیاوە خەریکن ، لێکۆڵینەوەی ئەو جۆرە وێنانەیان بەلاوە گرنگە ، چونکە هونەرو نووسین لەم ڕووەوە بەیەکەوە بەستراون ، بەڵام لەڕووی ئەرکی نووسینەوە ، مەسەلەی هونەری گرنگ نییە .

وێنەی ژمارە (3) کە «یادداشت»ی ڕاوکەرێکی ئەسکیمۆیەو وێنەی ژمارە (4) کە «داواکاری»ی هیندی‌یەکانە ، دوو نموونەی جوانی نووسینی وێنەیین . یەکەمیان خوێندنەوەی ئاسانترە ، چونکە ناوەڕۆکەکەی باش دیارە «مرۆڤێک چووە بۆ ڕاو ، پێستی دڕندەیەکی دەستکەوت ، دواتر پێستێکی تریش ، ڕاوی فیل ئاویی کرد ، لەگەڵ ڕاوکەرێکی دیدا سواری بەلەم بوون ، شەو مایەوە» . لێرەدا ڕیزی هێڵەکانی وێنەکە واتای ڕیزی هێڵەکانی ڕووداوەکە نیشان دەدەن .

**وێنەی دووەم داواکاریی خێڵە هیندییەکانە لە سەرۆکەکەیان ، کە دەیانەوێ ڕێگەیان بدات بچن لە ناوچەی دەریاچە جێ‌نشین ببن . ئەم پیکتۆگرافی‌یە**



نمونە 2

**خوێندنەوەی گرانترە ، چونکە جگە لە باسی گیاندار ، هەروەها مەبەستی واتای داخوازی خێڵە هیندییەکان باسەکە فراوانتر دەکات**[10] .

بۆ تەواو ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە نووسینە ، با بۆ نموونە دوو هاوڕێی ئەم سەردەمەش بێنینە پێش چاومان ، کە ویستوویانە نامەی وێنەیی بۆ یەك بنووسن.. یەکێکیان وێنەی مانگ لە تاریکاییدا دەکاو ئنجا ڕۆژ لە کەلەوە ، بەدوا ئەمەشدا وێنەی ئەسپێك لەسەر ئاوی سەرچنار ... دووەمیان وێنەی ڕۆژ دەکا لەکەلەوەو ئنجا مانگ لە تاریکاییدا ، بەدوا ئەمەدا وێنەی پیاوێك لەسەر مێزێك و بوتڵێ لەبەردەمیدا . وا بزانم نووسراوی یەکەم دەڵێ : «سبەینێ بەیانی بەسواری ئەسپ دەچم بۆ سەرچنار» . دووەمیشیان دەڵێ : «ئەمرۆ ئێوارە دەخۆمەوە» .

لە بەراوردکردنی ئەو نموونانەوە ، دیارە کە لە نووسینی وێنەییدا هەموو ئەوەی لەبەرچاوە واتای ڕاستەوخۆ دەگەیەنێ ، بەلام هەرچی واتای گشتییەتی بەگران لێك دەدرێتەوە .

نووسینی وێنەیی پێوەندی بە ئەلفوبێوە نییە ـ واتە بریتی نییە لە کۆکردنەوەی نیشانەی دیاریکراوو هەروەها بە فێرکردنی خوێندنەوەشەوە بەند نییە ، چونکە مەبەست ، گەیاندنی واتای پێویستییەکە ... بێ پێوەندیتی نووسینی وێنەیی بە زمانێکی دیاریکراوەوە ، بووەتە هۆی ئەوەی بتوانێ ببێ بە وەسیلەیەکی لەبار بۆ لەیەکتر گەیشتنی هۆزی خاوەن زمانی جیاواز .

هەرچەندە ئێستا نووسینی وێنەیی وەك چەشنێکی سەرەکی نووسین لە کاردا نەماوە ، بەلام لە هەندێ بواردا بەکار دێنرێ ، بەوێنە : لە جامخانەو پڕۆپاگندەو ... دا .

لەگەڵ پێشکەوتنی ئادەمیزادو گەشەکردنی بیرو هەستیدا ، پێویستی وا هاتە ناوەوە کە ئیتر نووسینی وێنەیی نەتوانێ ئەو ئەرکە بەجێبێنێ و ئەو دەمە نووسینی ئیدیۆگرافی (Ideography)[11] ـ واتە (نووسینی بیر) هاتە مەیدان . لەم جۆرە نووسینانەدا نیشانەکان واتای ڕاستەوخۆی دیاردەکان نادەن ، بەڵکو ئەو بیرە ڕادەگەیەنن کە لە مێشکی ئادەمیزاددا پەیدا دەبێ .

پەیدابوونی نووسینی ئیدیۆگرافی پێوەندی بە پێویستی دەربڕینی ئەو شتانەوە هەیە کە نەدەتوانرا لە ڕێگەی وێنەوە نیشان بدرێن . بە وێنە بۆگەیاندنی واتای (بینین) ، وێنەی ئەو ئەندامەی لەش (واتە ـ چاو) دەکرا کە شت بە هۆیەوە دەبینرێ . بەم جۆرە لە هەنگاوی یەکەمی ئیدیۆگرافیدا هەمان ڕێگەی پیکتۆگرافی ـ واتە ڕێگەی وێنە ـ دەگیرا ، بەلام لە گەیاندنی واتادا جیاوازی هەبوو : لە نووسینی پیکتۆگرافیدا وێنەی واتای «چاو»ی دەگەیاند ، کەچی لە ئیدیۆگرافیدا مانای «بینین»ی دەدا ـ واتە لە ئیدیۆگرافیدا وێنە واتای ئەرك یاخود ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو شتەی مەبەست بوو . هەر بەو شێوەیە دەکرێ واتای «دۆستایەتی» بەهۆی وێنەکردنی دوو دەستەوە دەربڕدرێ کە یەکتر بگوشن ؛ یاخود دەشێ مانای «دوژمنایەتی» بەوێنەی دوو چەك بگەیەنرێ ، کە لە شێوەی خاچێکدا لێك درابن ... تاد .

لەم بارانەدا وێنە لە شێوەی مەجازدا مانا دەگەیەنێ ئە‌و واتا مەجازییانەی وێنە زۆر لە ئیستیعارەی هەندێ وشە دەچن . بۆ نموونە (زمان ـ لسان) ، (زمان ـ لغة) ... لە قۆناغەی پێشکەوتنی نووسیندا ، یەك وێنە وەك چۆن واتای ڕاستەوخۆ دەگەیەنێ ، هەروەها مانای مەجازیش نیشان دەدات ، جا بۆیە خوێندنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە ئاسان نییە . پێویستی خێرایی نووسین و پێویستی دەربڕینی تێکستی ئاڵۆز چ لە ڕووی ناوەرۆك و چ لە ڕووی ڕووخسارەوە بوونە هۆی ئەوەی ڕێگەی دەربڕینی مەبەست بەهۆی وێنەوە بگۆڕرێت بۆ نیشانەی مەرجی ـ هیرۆگلیف (Hieroglyph)[12] .

**پێشکەوتنی تەکنیکی نووسین ـ واتە دۆزینەوەی کەرەستەی لەبارتری لەسەر نووسین و ئامرازی نووسین بووە هۆی ئەوەی لەبریتی بەردو پارچەدارو توێکڵەدار ئامرازی تایبەتی بەکار بهێنرێ . لەمیسر لە قامیش تەبەق گەورەی لوولکراویان هێنایە بەرهەم ، لە وڵاتانی تر پێستی هەمەچەشنەیان خۆش دەکرد ؛ سەرئەنجامیش لە چین کاغەز دروست کرا . لە بریتی ئامرازی نەقش و نەقار ئامرازی نووسین پەیدا بووو توانرا بە مەرەکەبی چینی بە فڵچە زۆر خێراتر نیگاری نیشانەکان بکێشرێن .**

**نووسینی هیرۆگلیفی لەوەدا لەبارە کە نیشانەکان دەتوانن بە ڕووخساریش و ناوەرۆکیش نیشان بپێکن . ئاشکرایە ، بۆ ئەوەی شت بنووسرێ و بخوێندرێتەوە پێویست بە کۆمەڵێك نیشانەی دیاریکراو هەیەو ئەم**

نمونه 3

**دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مەسەلەی ئەلفوبێ . بەڵام نیشانەکانی هیرۆگلیفی ناتوانن بە باشی ئەم ئەرکە بەجێ بێنن ، چونکە هێندە زۆرن لە بیرکرد نیان زەحمەتە .**

هەرچەندە نیشانەکانی نووسینی هیرۆگلیف وشە لە رووی فۆنەتیک و رێزمانەوە سازناکەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو جۆرە نووسینێکی هیرۆگلیفیدا ، ریشەی نیشانەی دەنگ هەیە ، جا بۆیە لە لێکدانەوەی نووسینی ئەو دەمەدا مەینەتێکی نوێ پەیدا دەبێ ، چونکە هەر ئەو نیگارە ئیدیۆگرافیە لەهەمان کاتدا دیاردەیەکی فۆنەتیکیش (برگە ، دەنگ) نیشان دەدات .

بەهۆی کۆمەڵێک رووداوی مێژووییەوە ، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێزیکدا دەورێکی نوێ لە پێشکەوتنی نووسیندا سەری هەڵدا[13] .

لەم دەورەی پێشکەوتنی نووسیندا شتی سەرەکی ئەوەبوو ، کە دەبوو نووسین بۆ ئەوانەی بەکاری دێنن پتر لەباربێ . بەهۆی پێشکەوتنی بێوچانی ئادەمیزادو زیادبوونی پێویستییەکانی و گەشەکردنی دەریاوانی و بازرگانی و هاتوچۆو پێوەندی نێو دەوڵەتان هوە ... ژمارەی ئەو کەسانەی بەکاریان دەهێنا زۆر پەرەی سەند[14] .

بەم بۆنەیەوە بۆ ئاسانکردنی نووسین هەوڵی جۆربەجۆر درا . ئەو هەوڵانە لەرووی پێوەندی زمان بە نووسینەوە جیاواز بوون :

**یەکەم ـ لەرووی پێوەندی وشەوە .**

نووسینی چینی بەم رێگەیەدا رۆیشت ، بەوێنە بۆ راگەیاندنی واتای «فرمێسک» پێویست بوو دوو نیشانەی (چاو)و (ئاو) لەیەک بدرێن ؛ بۆ نیشاندانی مانای «وەرین» دەبوو دوو نیگاری (سەگ)و (لوز) بکێشرێن ؛ بۆ دەربڕینی مەبەستی «قیژاندن» دوو وێنەی (مندال)و (دەم) بکرێن ؛ بۆ «تەماشاکردن» (مرۆڤو درەخت) ؛ بۆ «رووناکی» (رۆژو مانگ) ؛ بۆ «دارستان» (دوو درەخت) ... بێگومان لەبەر زۆریی ئەو هیرۆگلیفانەو هەروەها هەندێ جاریش روون نەبوونی مانایان کاتێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆر پێویست بوو .

**دووەم ـ لەرووی رێزمانەوە .**

رێگەیەکی دی کورتکردنەوەو ئاسانکردنی نووسینی ئیدیۆگرافی بە مەسەلەی رێزمانەوە بەندە . ئەویش ئەوەیە کە رەگی وشە دەهێڵرایەوە . هەرچی ئەو وشانەشە کە لەو رەگانەوە رۆدەنران ، نیگاری تەواوکەریان لەگەڵ دادەنرا ، کە واتای ئافیکس بگەیەنن . بەڵام ئەم رێبازە تەنیا بۆ ئەو زمانانە دەگونجا کە وشەیان تێدا بەسەر رەگو ئافیکسدا دابەش دەکرا . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەم شێوازە دەوری لە کورتکردنەوەو ئاسانکردنی نووسیندا کەمبوو ، چونکە ژمارەی رەگ بێ سنوورەو هەر رەگێکیش پێویستی بە نیگاری سەربەخۆ هەبوو .

**سێیەم ـ لەرووی فۆنەتیکەوە .**

رێگەی هەرە لەبارو گونجاوی نووسینی فۆنەتیکی بوو ، چونکە ئەمە قاڵبێکی وایدا بە نووسین کە نەک تەنیا لەرووی پێکهاتنی رێزمانییەوە ئاوێنەی زمان بێ ، بەڵکو لەرووی قەوارەی فۆنەتیکیشەوە وشەی تێدا ببینرێ .

کاتی خۆی میسرییەکان و بابلییەکان هەوڵی ئەوەیان دا نووسین بخەنە سەر رێی فۆنەتیکی . بابلییەکان وشە ناسادەکانیان کەرتکەرت دەکردو بەم پێیە لەو دەمەدا هیرۆگلیف وای لێهات کە بە برگە (المقطع ـ Syllable) مانا بدات . بەم جۆرە هەنگاوی یەکەمی پێشکەوتنی نووسینی فۆنەتیکی نرا .

**باشترین نموونەی شێوەی نووسینی برگەیی ، نووسینی هیندیی کۆنە ، کە تییدا هەر نیگارێک ، وەك دەستوور نیشانی کۆنسۆنانت بزوێنی** (ا)ی دەدا ، واتە برگەی (دا ، را ، شا ، زا ... تاد) ؛ بۆ ئەوەی بزوێنێکیتر بخوێندرێتەوە نیگارەکە دەگۆڕرا ؛ ئەگەر بویسترایە تەنیا کۆنسۆنانتەکە بخوێندرێتەوە ، ئەوە نیشانەی «قەدەغە»ی لەگەڵدا دادەنرا ، بۆ کۆبوونەوەی چەند کۆنسۆنانتێکیش لە برگەیەکدا نیشانەی «پێکەوەبەستن» بەکار دەهێزا[15] .

نووسینی برگەیی کە نیشانەکانی هێندەی برگەکانن ، ژمارەیان ئێجگار زۆر نییەو بۆیە ئەم شێوە نووسینە تارادەیەك ئاسانە .

فۆنەتیکی دالە نووسینی

هەنگاوێکیتر لە پێشکەوتنی نووسینی کۆنی جوولەکەو فینیقییەکاندا نرا ، کەوا کۆنسۆنانتەکانی رەگی وشەیان تێدا بەپیت دەردەبڕراو ئەو بزوێنانەش کە فۆرمی رێزمانی بەجێ

دێنن بە نیشانەی تایبەتی جیا دەکرانەوە (لە عیبری یدا بە «شوا»و لە عەرەبیدا بە «حەرەکات») دەردەبڕران [16] . ئەم جۆرە نووسینانەش لە زانستی زماندا بە نووسینی «کۆنسۆنانتی» ناسراون[17] .

دوا هەنگاوی نووسینی فۆنەتیکی لەلایەن یۆنانەکانەوە نرا ، ئەویش ئەوەبوو ڕێبازی بەکارهێنانی ئەلفوبێیان لە فینیقی یەکان وەرگرت . بەلام ئەمان پیتیان هەر بۆ دەنگە کۆنسۆنانتەکان دانەنا ، بەلکو بۆبزوێنەکانیشیان سازکرد چونکە وەك ئاشکرایە لە زمانی یۆنانیدا ، لە پێکهاتنی ڕەگو ئافیکسدا تەنیا کۆنسۆنانت بەشداری ناکات ، بەلکو بزوێنیش هەیە . یۆنانەکان هاتن بۆ بەشێك لە دەنگە بزوێنەکانی زمانەکەیان ، وێنەی ئەو دەنگە کۆنسۆنانتە فینیقیانەیان دانا ، کە لە یۆنانیدا نین .

بەم چەشنە ئەلفوبێی یۆنانی بەو دەستکاری کردنەوە ، یەکەم ئەلفوبێیە کە لەسەر بناغەی وێنەی دەنگ سازکرابێ ولە دواییشدا بووە بە بناغەی دانانی ئەلفوبێی لاتینیو سلاڤو گەلێکی تر[18] . پێویستە پەنجە بۆئەوەش ڕابکێشین ، کە وەنەبێ پیتەکانی ئەم جۆرە ئەلفوبێیانە بە شێوەیەکی ساکار هەر وێنەی دەنگ بن ، بەلکو بە شێوەیەکی سەرەکی وێنەی فۆنێمن .

لەسەر بناغەی ئەلفوبێی سامیی کۆن ، نووسینی ئارامی پەیدا بوو ، کە ئەمیش لە ڕۆژهەلاتەوە تا لای ئوگوڕو مەغۆل ... گەیشت ولە خوارووشەوە بۆلای عەرەب و میللەتانی کەنار ئۆقیانووسی ئەتلەس پەلی هاویشت .

**هەموو ئەو میللەتانەی هاتنە سەر ئاینی ئیسلام : فارس ، تورك ، کورد ، تەتەر ، ئازەر ... ئەلفوبێی عەرەبییان وەرگرت .**

**ڕۆمانەکانیش پاش شەنو کەوکردنی ئەلفوبێی لاتینی ، توانییان ئەلفوبێیەکی باشو لەبار بۆ نووسینی زمانی خۆیان سازبکەنو ئنجا بە هەموو میللەتانی گرووپی ڕۆمانە ـ جەرمەنییەکان : (فەرەنسەیی ، ئیسپانیایی ، ئیتالیایی ، پرتوگالی ، ئەلەمانی ، ئینگلیزی ، سویدی ، نەرویجی ، دانمارکی ...)ی بدەن . هەروەها (فینلەندی ، مەجەری ، ئیستۆنی ، لاتیشی ، لیتوڤی ، ئەلبانیو هەندێ میللەتی سلەڤیانی ـ پۆلەندی ، چیکی ، سلۆڤاکی ...)ش ئەلفوبێی لاتینییان وەرگرت .**

سالی 1929 تورکەکان هاتنە سەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی . لە یەکێتی سۆڤێتیشدا ئەو میللەتانەی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەیاننووسی ، وەك تورکو ئێرانییەکانو هەندێ میللەتانی قەفقاس لە سالانی بیستدا نووسینیان کرا بە لاتینی .

ئەلفوبێیەکی زۆر دێرین ، کە بە تەواوی چۆنیەتی پەیدابوونی ئاشکرا نییە ، ئەو نووسینەیە کە ئەرمەنو گورج بەکاری دێنن ... لە سەدەی چوارەمی زاینیشدا قەشە (ڤۆلڤیل) ئەلفوبێیەکی بۆ ئەلەمانەکان سازکرد ، کە لەسەر بناغەی نووسینی یۆنانیو ڕوونی پێکی هێنابوو .

نووسینی ئەمڕۆ کەلك لە هەموو ئەو شێوازانەی نووسین وەردەگرێ کە لە درێژایی مێژوودا بەکار هاتوون .

پیکتۆگراف لە هەندێ بواردا کەلکی لێ وەردەگیرێ ، بە نموونە بۆ یاریدەی کەسانی نەخوێندەوار یان کۆلکە خوێندەوار ، وەك وێنەی پیاو یان ژن لەسەر دەرگای ئاودەست ؛ لە کتێبی پۆلە سەرەتاییەکاندا کە منداڵ بەر لەوەی وشەکە بخوێنێتەوە تەماشای وێنەکەی دەکات ... یاخود وێنەی سەر جامخانەو کەبابخانەو چێشتخانەو زەنگی بەردەرگای میوانخانە بۆ یەکێك لە ولاتێکی بێگانەبێو زمانی ئەو ولاتە نەزانێ .

ئیدیۆگراف (وێنەییو هیرۆگلیفی) لەگەڵ بواردا بەکار دێنرێ ، بەوێنە لە مەودای هاتوچۆدا وێنەی (خاچ) نیشانە لێکدانی دوو شەمامە ... لە پزیشکیدا وێنەی مارێكو پیالەیەك ژار ڕەمزی پزیشکییە لە دەرمانخانە ... لە کارەبادا نیگاری کەللەسەرو ئێسك نیشانەی قووەت زۆریو مەترسی مەرگە ... وێنەی ژمارەکان ، نیشانەی هەمەچەشنەی کیمیاو فیزیاو ماتماتیكو جەبر ... دەچنە ڕیزی هیرۆگلیفەوە .

**پێویستی زانست بە ئیدیۆگراف لەوەدایە** : 1 ـ بناغەی شت بەتەواوی ڕوون بکاتەوە . بەوێنە کە لە کیمیادا $H_2O$ کراوە بە نیشاندی ئاو ، مەبەست ئەوەیە ئاو بە ساکاری نیشان نەدرێ ، بەلکو مانا کیمیاوییەکەی دەرببڕرێ ؛ 2 ـ کورتو پوخت مەبەست دەربڕین ، بۆ نموونە ئەگەر لە بریتی



نمونه (4)

ئەو هیرۆگلیفەی کراوەتە ڕەمزی ئاو ، بەنـووسین بنـووسرێ زۆری دەوێ ؛ 3 ـ نووسین قالبێکی جیهانیی پێ بدرێ . بەوێنە لەبەر ئەوەی هیرۆگلیف بە زمانێکی دیاریکراوەوە بەند نییە ، پزیشك و ئەندازیـار ... دەتوانن کـەڵك لەگشت ئەدەبیـاتێکی مـەیدانی زانستـەکەی خـۆیان وەربگـرن ، بەهـەر زمانێـك نووسرابێ[20] .

هـەرچەنـدە نووسینی سـەرەکیو بـاوی ئـەمـڕۆ نـووسینی فۆنەتیکی‌یە ، کە لەسەر بناغەی وێنەی دەنگەکان سازبووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شێوازیدی تێکەڵ بووە . بە وێنە لە نووسینی ڕووسیدا لەگەڵ بەکارهێنانی پیت وەك نیشانەی فۆنێم ، هەروەها بەکارهێنانی پیت وەك نیشانەی بـڕگەش لە ناواندایە .

باشترین ئەلفوبێ کە لەسەر بناغەی فۆنەتیك دانرابێ ، ئەوەیە ، کە ژمارەی پیتەکانی هێندەی ژمارەی فۆنێمەکانی ئەو زمانە بێ[21] .

**لەبەر ئەوەی نووسین بە دەورێکی مێژوویی درێژدا تێپەڕیوەو گەلێك پاشماوەی کۆنی تێدا ماوە ، ئەلفوبێی کامڵ نییە . ئەلفوبێی هەرە ناسراوو پتـر بەکـارهێنراوو لەبار ئەلفوبێی لاتینی‌یە . هەرچەنـدە ئەو ئـەلفوبێ‌یـە لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی لاتینیدا باش دەگونجا ، بەڵام پڕ بەپڕی زمانە ئەوروپاییەکانی‌تر نەبوو ، چونکە ئەو (24)** پیتـەی بۆ زمـانی لاتینی دانرابـوون[22] ، بـەشی ئـەو زمـانـە ئەوروپایی‌یە نوێیانەی نەدەکرد کە پێویستیان بە (36 — 40) پیت بوو بە پێنج پیتی بزوێنی (a ,e ,o ,u ,i)و دواتریش (y) نەدەتوانرا ئەو هەموو بزوێنانەی لە زمانی فەرەنسیو ئینگلیـزیو زمانـە ئەوروپاییـەکانی‌دیدا هـەن دەربـبڕڕێن . یـاخود ژمـارەیەك دەنگی کۆنسۆنانتی ئەوتۆ لە هەندێ زمانی ئەوروپاییدا هەن کە لە لاتینیدا نەبـوونو پێویستیـان بە نیشـانە بـوو ... جا بـۆ پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییـانە ـ واتـە لە دانانی پیت بـۆ ئەو دەنگانەی لە لاتینیدا نەبوون ـ هەوڵی هەمەجۆر درا ، وەك : دانانی چوکڵە لەسەر یان لە ژێر ؛ گەیاندنـەوەیەکی هـەردوو سەری پیتێك ، لێکدانی دوو پیت ... تاد .

ئـەگەر ئـەلفوبێ لەسـەر بناغـەی یەکسـانی لە نێوان ژمارەی پیتو ژمارەی فۆنێمدا دابمەزرایە ، ئەوسا کێشـەی ڕێنووس نیوەی نەدەما . لەبەر ئەوەی ئەلفوبێی کامڵ نیـەو تێپەڕینی بە دەوری مێژوویی درێژدا کێشەی بۆ سازکردووە ، بـۆیە ڕێنـووس ـ (Orthographia)[23] پێـویستی بـە دەستـوورە . هەرچەندە ڕێنووسی هـەر زمانێك بگری بنەمای جۆربەجـۆری تێدایەو چەند بنەمایەکیشی بوونەتە سـەرەکی . بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا لە سازبوونی ڕێنووسدا بنەمای گشتی هەنو پێویستە پەیڕەوی بکرێن .

## پەراوێزەکان :

(1) پ .ن . گۆلۆڤین ، سەرەتاییکی زمانناسی ، چاپی دووەم ، مۆسکـۆ ، 1978 ، ل 236 .

(2) ف .ئی . کۆدۆخۆڤ ، سەرەتاییکی زمانناسی ، مۆسکۆ ، 1979 ، ل 156 .

(3) بێگومان ، ئەگەر تەلەفوونو ڕادیـۆو هەنـدێ وەسیلەی دی تەکنیکی لە نەزەر نەگرین .

(4) ئا .ئا . ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، 1967 ، ل 348 .

(5) هەمان سەرچاوە ، ل 349 .

(6) یەکێکن لە خێڵە هیندییەکانی خوارووی ئەمەریکا .

(7) سەرچاوەی ناوبراو ، ف . ئی . کۆدۆخۆڤ ، سەرەتاییکی زمانناسی ، ل 157 .

(8) سەرچاوەی نـاوبراو ، ئی .ئـا . ڕیفۆرمـاتسکی ، سەرەتـاییکی زماننـاسی ، ل 349 — 350 .

(9) پیکتۆگرافی ـ Pictography لە دوو وشەی (Pictus ـ جوان ، قەشەنگ)ی لاتینیو (grapho ـ دەنووسم)ی یۆنانی پێکهاتـووە . بەم جـۆرە وشەی پیکتـۆگرافی بـە مانای ـ جوان‌نووسین ـ دێت .

(10) سەرچاوەی ناوبراو ، ئی .ئـا . ڕیفۆرمـاتسکی ، سەرەتـاییکی زماننـاسی ، ل 351 — 353 .

(11) ئیدیۆگرافی ـ Ideography لە دوو وشەی (idea ـ بیر)و (grapho ـ دەنووسم)ی یۆنانی‌یەوە سازبوە .

(12) هیرۆگلیف لە وشەی (Hieroglyphoi)ی یـۆنانی‌یـەوە وەرگیراوە ، کـە بەواتـای (نووسینە پیرۆزەکان) دێت . دەقی تەواویشی (نەقشی ڕەبەنەکان)ە . بۆیەش بە (نەقشی ڕەبەنەکان) ناونراوە ، چونکە ڕەبەنەکان : 1 ـ نەیان دەنووسی ، بەڵکو لەسەر ئێسقانو شتی‌تر نەقشیان دەکرد ؛ 2 ـ ئەوان نهێنی‌یەکانی نووسینی هیرۆگیفی‌یان دەزانی .

(13) سەرچاوەی ناوبراو ، ئی .ئا . ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، ل 357 .

(14) ف .ئا . ئیسترین ، گەشەکردنی نووسین ، چاپی یەکەم ، مۆسکۆ ، 1961 ، ل 62 — 63 .

(15) سەرچاوەی ناوبراو ، ئی .ئا . ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، ل 359 .

(16) هەمان سەرچاوە ، ل 360 .

(17) ئۆ .س . ئاخمانۆڤا ، فەرهەنگی زاراوەکانی زمان ، مۆسکۆ ، 1966 ، ل 324 .

(18) سەرچاوەی ناوبراو ، ف .ئا . ئیسترین ، گەشەکردنی نووسین ل 93 .

(19) سەرچاوەی ناوبراو ، ئی .ئـا . ڕیفۆرمـاتسکی ، سەرەتـاییکی زماننـاسی ، ل 362 — 363 .

(20) هەمان سەرچاوە ، ل 366 — 367 .

(21) هەمان سەرچاوە ، ل 367 .

(22) دواتربوو بە (26) پیت .

(23) (Orthographia) لە دوو وشـەی (orthos ـ ڕاست)و (grapho ـ دەنـووسم)ەوە پەیدابووە ، کە لە کوردیدا واتای (ڕاست نووسی) دەگرێتەوە .